# داهاتی گوومرگی ئیبراهیم خەلیل  لای کێ یە؟؟!!

ئەردەلان عەبدوڵلا

گەر ناوی ئیبراهیم خەلیل لەتەواوی جیهاندا بە رێزەوە سەیر بکرێت ، چونکە یەکەمین کەس بوو، کە بانگەشەی یەک خودایی راگەیاند . گەر لای جوولەکەکانیش ئیبراهیم خەلیل ناوێکیپیرۆزبێت ، چونکە بە باپیرەی مەزنی خۆیانی دەزانن . وەلێ بەداخەوە ئێمەی کورد ، کاتێک ناوی ئیبراهیم خەلیل دەبیستین ، یەکسەر مووچرکێکی ترسناک ، هەموو لاشەمان دەگرێتەوە. یەکسەر دیمەنە قێزەونەکانی شەری ناوخۆمان بیردەهێنێتەوە، ( براکوژی ، دیل کوشتن ، تیرۆر ، گەمارۆی شارەکوردیەکان ، هێنانی لەشکری داگیرکەرانی کوردستان ،،، ) . ئیبراهیم خەلیل ئەوگرێ ئالۆزەبوو، کەبە هیچ سیاسیەکی کوردستان و جیهانیش نەدەکرایەوە. ئەوپرسیارە قوورسەبوو، کەبەهیچ خوێندکارێکی زیرەک وەڵام نەدەدرایەوە. مەسەلەی گوومرگی ئیبراهیم خەلیل ، یەکێک بوو لە حەساسترین و ئاڵۆزترین  مەسەلەی شەری ناوخۆ . جگە لە بنەماڵەی مەسعودبەرزانی ، هیچ کەسێکی تر، نەیدەزانی داهاتی ئەم گوومرگە چەندە . وەلێ دەبێت سووپاسی داگیرکەرانی کوردستان بکەین ، کە ئەوان بۆیان دەرخستین داهاتی ئەم گوومرگە چەندە؟! . ماوەیەکە مەسەلەی داهاتی گوومرگی ئیبراهیم خەلیل و گوومرگەکانی تر ، دیسانەوە بەگەرمی باسی لێوەدەکرێت . وەلێ ئەمجارەیان باسەکە لەبەغداوە سەری هەڵدا،نەک لەکوردستانەوە. بەپێی دواهەمین هەواڵ ، حکومەتی عێراق داوای داهاتی گوومرگەکانی کوردستانی لەیەکێتی و پارتی کردووە. هەروەکو رۆژنامەکانیش بڵاویان کردەوە ، کەگوایە حکومەتی عێراق، برێکی زۆری لە بودجەی کوردستان گل داوەتەوە ، بەوبیانووەی کە داهاتی گوومرگ دیارنییە. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ، ئایا کێ دەبێت داهاتی گوومرگ بداتەوە ؟! . ئایا ئەمە کەی رەوایە حکومەتی عێراق بێت ، لەوبرە پارەیەی کەبۆگەلی کوردستان دانراوە ، ( واتە بودجەی کوردستان) ببرێت. من وەک هاوڵاتیەکی کورد ، جگە لە ماڵوێرانی و شەهیدبوونی براو خزم و دۆستەکانم ، هیچی ترم لەم گوومرگە نەدیووە. چۆن دەبێت ئەمرۆ حکومەتی عیراق  داوای پارەی داهاتی گوومرگ لە من بکات . من کاتێک کوردستانم بەجێهێشت لەئیبراهیم خەلیل سەد دۆلاریان لێ سەندم ، کە گەڕاشمەوە ، سەد دۆلاری تریان لێ سەندم . جگە لەوەش دووسەد دۆلاری تریان بۆ جانتاکانم لێ سەندم . پارەی گوومرگ هەمووکاتێک وەکوو سەرانەیەک وابووە، یەکێتی و پارتی  لەخەڵکی کوردستانیان سەندووە. چونکە ئەم گوومرگە هیچ خزمەتێکی گەلی پێ نەکراوە .  ئێمە وەکو هاوڵاتیەکی کورد ، تەنها پارەمان داوە ، هیچ پارەیەکمان لە داهاتی گوومرگ وەرنەگرتووە. هیچ خێرێکی بۆ ئێمە نەبووە . ئیتر نازانم بۆچی ئەمرۆ لەپارەی ئێمە ( واتە گەل) ببرێت؟! . پارەی داهاتی گوومرگ لای سەرانی یەکێتی وپارتیە . ئەوان پارەیان وەرگرتووە . ئەوان دەزانن لەکوێیە ( لە چ بانکێکی بیانیە!! ) . هەر ئەوانیش دەبێت بیدەنەوە. ئەمەی کە ئەمرۆ دەکرێت ، ناهەقیەکی ئێجگار گەورەیە . چونکە ئێمە دووجار سەرانەمان لێ دەسێنرێت . جارێک دەسەڵاتدارانی کورد ، جارێکیش دەسەڵاتدارانی بەغدا.  من داواکارم کە خەڵکی ئەم ناهەقیە قبووڵ نەکەن ، چونکە ئێمە هیچ سوودێکمان لە داهاتی گوومرگ نەدیوە ، بۆچی دەبێت ئێستاش پارەی گوومرگ بۆ حکومەتی عێراق بژمێرین؟! . پێویستە سەرانی یەکێتی و پارتی ، پارەی داهاتی گوومرگەکان بدەنەوە . ئەوان پارەیان وەرگرتووە. ئەوان پارەکەیان لەگیرفانێکی قووڵ خەزن کردووە.